حەکیم بۆ باڵیۆزی ئەمریکا: سەرکۆنەی تێکدانی سەقامگیری دەکەین بەبەکارهێنانی چەک

سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی سەید عەمار حەکیم، جەختی لەوەکردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بەشداریکرد لە پتەوکردنی ئەزموونی دیموکراسی وڵات.

سەید حەکیم لەبەیاننامەیەکدا ووتی:- کە لەدیدارێکدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا ئێلینا ڕۆمانۆسکی دەسخۆشیمان کرد لە بەڕێوەچوونی گفتووگۆی نێوان عێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

هەروەها سیدحەکیم پشتیوانی خۆی نوێکردەوە بۆ حکومەتەکەی سودانی لەبەڕێوەبردنی دانوستانەکان لەمیانەی کارەکانی لێژنەی سەربازی باڵا ، وتیشی جەختمان کردەوە لەوەی کە هێرشی سەرغەززە ستەمکارانەیەوپێویستە ڕا بگیرێت ویارمەتیەکان بۆ گەلی فەلەستین بنێردرێت.

هەروەها سەرکۆنەی هەموو جۆرە کارێکی کرد کە سەقامگیری بشێوێنێت وچەکی تیادا بەکاربهێنرێت.